# مەسەلەی کورد ، ڕیفراندۆم وچەند مەسەلەی سیاسی تر

ئەحمەد موعین
کۆتایی ئابی2004

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە بۆشاییەکی سیاسی گەورە لەعێراقدا سەریهەلدا . لەماوەی چەند مانگێکیشدا ئەمریکا بۆی دەرکەوت کە بنیاتنانی عێراقێکی نوێ ، ڕێگری زۆری لەبەردایە .
بەهەرحال بێ ئەوەی بچمە سەرباسێکی هەمەلایەنە سەبارەت بەهۆ وڕیشەکانی ئەو زەلکاوە سیاسیە قوولەی کە ئێستا عێراق تیایدا نوقوم بووە ، سەرنج ڕاکێشان بۆ 2 مەسەلەی سەرەکی بە پێویست ئەزانم :
یەکەم : عێراق جیاوازی زۆری لەگەل ئەفغانستان هەیە . پێکهاتەی سیاسی وکۆمەلایەتیەکەی ، پرۆسەی ئالوگۆڕەکانی 50 سالی ڕابووردوی ، جۆری ڕەوت وبزووتنەوە سیاسیەکانی ، بیروباوەڕە فکری وسیاسیەکانی ناو خەلکەکەی وجێ وشوێنی لە سیستمی جیۆ- سیاسی ناوچەکە و.... تاد، تایبەتمەندی وجیاوازی زۆریان هەبوو لەگەل ئەفغانستان . بۆیەش ئەلێم ئەفغانستان چونکە ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر بەچاویلکەی تاقیکردنەوەی شەڕی ئەفغانستانەوە ئەیڕوانیە عێراق وداهاتوی ئەو وولاتە .
دووەم :
تایبەتمەندی کەم وێنەی سیستمی دەولەت وحکوومەت وڕژێمی سیاسی زالی عێراق .
لە عێراقی سەردەمی بەعس وبەتایبەتی لەسایەی دەسەلاتدارەتی سەدام حسێندا ، دەولەت وەکو بونیادێکی بنەڕەتی تر لە حکومەتدا وحکومەت لە حیزبی بەعسدا وبەعسیش لە سەدامدا تاوابوونەوە .
ڕەنگ بێ زیادەڕۆیی نەبێ گەر بلێم دەسەلاتی بەعس وسەدام نموونەیەکی کەم وێنە بوون لەچڕبونەوەی ( تمرکز ) دەسەلاتی سیاسی لە دنیادا . جا لەڕاستیدا ئەوە تەنها سەدام وداروودەستەکەی نەبون کە لە 9ی نیسان 2003 دا ڕوخان بەلکوو چ بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەی سیستمی سیاسی ودەولەتی عێراقەوە و چ بەهوی دەستی ئەنقەستی ئەمریکاوە ، لە 9 ی نیسانی 2003 دا سەرتاپای بونیادی دەولەتیش شوێنەوارێکی ئەوتۆی نەما وئەوەش سەرچاوەی بنەڕەتی ئەو بۆشاییە سیاسیەیە کە ناوەڕکی قەیرانی ئێستای عێراق پێکدێنێت .

### مەسەلەی کورد لەسایەی بۆشایی سیاسی عێراقدا

ئەوەندەی کە بگەڕێتەوە سەر خەسلەتە سیاسیەکانی ڕژێمی بەعس ئەوا یەکێک لەدیارترینیان ئەنتی کوردبونی ئەو ڕژێمە بوو.
دیارە بەپەیوەند بەناوەڕۆکی مەسەلەی کوردەوە ، واتە زەوتکردنی مافی گەلی کورد بۆ هەلبژاردنی چارەنوسی سیاسی خۆیان بە شێوەیەکی ئازادانە تا ئاستی مافی بێ ئەملاوئەولایان بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ ، ئەوە جیاوازیەکی ڕیشەیی نەبوو لەنێوان ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق

لەهەردوو قۆناغی پاشایەتی وکۆماریدا .تەنها جیاوازیەک بووبێ ، کە ئەویش سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی شۆفینی وفاشی بەرنامە وبڕوا فکری وسیاسیەکانی بەعس ، بریتی بوو لە هەولی سیستماتیکی حیزبی ناوبراو ، تەنانەت پێش هاتنە سەردەسەلاتیش ، بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی کورد وەکوو گەلێکی جیاواز وسەربەخۆ لەگەلی عەرەب کە ئەوەش پێشمەرجی قەلاچۆکردنی گەلی کوردبوو.

تاقیکردنەوەی تال وخوێناویەکانی گەلی کورد لە 1963 وبڕیارەکانی سەرکردایەتی نەتەوەیی ( القیادە القومیە ) ی بەعس لە کۆنگرەکانی 5 و 6 کە ئەوکات سەدام ئەندامێکی سادەی حیزبی ناوبراو بوو ، هەم زۆرێک لەو قسانە ڕەتئەکەنەوە کە سەرکوت وجینۆسایدی گەلی کورد بەتەنها ئەگێڕنەوە بۆ بەدخویی وشەڕئەنگێزی ودیکتاتۆرخویی کەسایەتی سەدام وهەم دەمێکە بوون بەپەلەیەکی ڕەش بەناوچاوی هەموو ئەو کەسانەوە کە هێشتا سوورن لەسەر ناونانی عێراق بە وولاتێکی عەرەبی وبێبەریکردنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی بەگشتی لەوتاوانانەی کە دەرهەق بەگەلی کورد لە عێراقدا ئەنجام دراون .

لەڕاستیدا چەوسانەوەی قومی لەسەر گەلی کورد یەکێکە لەشێوەکان وپایەکانی کۆنەپەرستی سیاسی برجوازی دەسەلاتدار هەم لە عێراق وسوریا وهەم لە تورکیا وئێران وهەربەوپێیەش گرتنەبەری هەلوێستێکی ڕۆشن لەسەر ئەو مەسەلەیە پێوەر وجیاکەرەوەی سیاسەتی پێشکەوتنخوازی هێز ولایەنە سیاسیەکانی ئەو 4 وولاتە بووە بەدرێژایی 50 سالی ڕابووردوو وپێچەوانەی ئەوەش بەهەمان ئەندازە ڕاستە .

بەلام کرۆکی مەسەلەکە لەوەدایە وهێشتا ئەمەش بۆ زۆر هێز ولایەن هەرس ناکرێ ( بەتایبەتیش کورتبینی سیاسی لەپێش ڕووخانی بەعسدا نەیدەهێشت ئەوە هەرس بکەن ) کە ڕووخانی ڕژێم خۆبەخۆ ناتوانرێ یەکسان کرێ بە دەستگەیشتنی گەلی کورد بەداخوازیە ڕەواکانی ( وەکوو چۆن حککع پێیان وابوو ! ) .

ئەمڕۆ بەعس لەدەسەلات خرا وڕەوانەی شوێنی شایستەی خۆی کرا وزۆر دژوارە جارێکی تر بێتەوە سەر دەسەلات یا گۆڕەپانی سیاسی عێراق وسەدام حسێنیش درەنگ یا زوو باجی تاوانەکانی ئەداتەوە ، بەلام شۆفینیزمی نەتەوەیی عەرەبی بەدەیان شکل وشێوەی تر خەریکە میراتی شوومی بەعس ئەپارێزێ وقالبی کۆنەپەرستانەی یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەسەلاتیش لە عێراقدا ئەوەندەی تر ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشکردووە .

گەر ناسیونالیزمی عەرەبی لەعێراقدا گورزی کاریگەری وێکەوتبێ وهێشتا بەتەواوی سەری ڕاست نەکردبێتەوە ، ئەوا لەمڕۆدا ( بەتایبەتی ) هێزە ئیسلامیەکان بە شیعە وسوونەوە درێژە بەهەمان هەلوێست وبیروباوەڕ ودەور ئەدەن سەبارەت بەمەسەلەی کورد .

بەلام ئەو بۆشاییە سیاسیە هێشتا بەئەندازەی پێویست تاووتوێ نەکراوە وناوەڕۆک ومانا وبەرەنجامە پێویستەکانی لێهەلنەهێنجراوە تا هەم ببێ بەسەرەتای تێوەچوونێکی بەهێز بۆ ڕێگرتن لەبنیاتنانەوەی ساختاری دەولەت وسیستمێکی دیکتاتۆری تر ( دیارە لە فۆرم وشێوەی تازەدا ) لەلایەن خەلکی عێراقەوە یان لەلایەن هێز ولایەنە کۆمۆنیست وپێشکەوتنخوازەکانەوە وهەم بەپەیوەند بەمەسەلەی کوردیشەوە ئەوە زۆر کەمتر بایەخ وئاکامەکانی خراونەتەگەڕ وکەلکیان لێوەرگیراوە .

کاتێ هەر چاودێرێکی سیاسی بێلایەنیش بەڕۆژی ڕووناک ئەوە ببینێ کە :

یەکەم :

ئەمریکا بەپێچەوانەی ئەوانەوە کە پێیان وایە ( دۆست یا دۆستی ستراتیجی کوردە !! ) سەرگەرمی خەملاندنی هێز وئەلتەرناتڤێکی سیاسی عێراقی سەرتاسەریە بۆ سەرلەنوێ ساغکردنەوەی قەوارەی سیاسی عێراق وەکوو وولاتێکی پرۆ- ئەمریکی . ئەم دەولەت وسیستمە سیاسیە ناتوانێ بەرئەنجامی دۆستایەتی نێوان یەکیەتی وپارتی بێت لەگەل ئەمریکا هەرچەندە ئەم 2 هێزە ئامادەی هەر جۆرە خزمەت ودلسۆزیەک بن بۆ ئەمریکا . هۆی ئەوەش زۆر ڕۆشنە . یەکیەتی وپارتی 2 هێزی ناوچەیین لەئاستی گشت عێراقدا ولەباشترین حالەتدا هێز ونفوزیان تا کەرکوک بڕ ئەکا .

ئەم 2 حیزبە لەڕێی ئیستیغلال وبەگەڕخستنی هەست وداخوازی ڕەوای گەلی کوردەوە بۆ بەدیهێنانی یەکسانی وڕیشەکێشکردنی زولمی نەتەوایەتی ، ئەمڕۆ ( یا لەداهاتوویەکی نزیکدا ) ئەم دەسەلاتەیان بەسەر خەلکدا نامێنێ چونکە ناکۆکی مەرام وسیاسەت وهەلوێستەکانی ئەوان وەکوو 2 هێزی سیاسی خاوەنی تەماحی حیزبی خۆیان لەگەل ئەو ئاوات وداخوازیە ڕەوایەی گەلی کورددا دەرئەکەوێ وئیتر ناتوانن چیتر بەناوی گەلی کورد ومەسەلەی کوردەوە هاوپەیمانی لەگەل ئەمریکا وهێزە سیاسیە کانی ناو عێراقدا درێژە پێبدەن ودرەنگ یا زوو ئەو حالەتە ئەبێ بە ڕاستیەکی بەرچاو .

جگە لەوەش جێ وشوێنی پارتی ویەکیەتی وەکوو هێزی یەکەم ونزیکترین دۆست ، تا 9ی نیسانی 2003 ئەو بایەخە سەرەکیەی بۆ ئەمریکا هەبوو ولەوە بەدوا ئیتر ئەو 2 لایەنە توانای گێڕانی ئەو دەورەیان نەما چونکە لەوە بەدواوە ئەمریکا پێویستی بە هێزی عێراقی سەرتاسەری هەیە تا فریای بکەوێ بۆ کۆنترۆلکردنی کێشە زۆروزەبەندەکانی بەشی عەرەبی عێراق کە نە پارتی ونەیەکیەتی ، جگە لە کەمبوونەوەی نفوزی جەماوەریان لە کوردستاندا ، لەڕووی بابەتیشەوە ئەکتەری گێڕانی ئەو ڕۆلە نەبوون وناشبن .

دووەم :

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی ، ئەمریکا چارێکی تری نیە جگە لەلاواندنەوە وئامادەکردن وپشتگیریکردنی ئەو هێز ولایەنانەی کە ئامادەن هاوکاری تووندوتۆلی لەگەلدا بکەن ولەهەمان کاتیشدا زۆرترین کەلک وەربگرن لەو قەیرانەی کە ئەمریکا لە عێراقدا تووشی بووە .

ئەو هێزانە بریتین لە لایەنە ئیسلامیە شیعەکان ( ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی ، 3 بالەکەی حیزبی دەعوە ، سیستانی یان کەسایەتی وناوەندی تری وەکوو محمد بحر العلوم ومەراجعی شیعی تر ) وهەروەها حیزبی ئیسلامی عێراقی ولایەنە سوونەیەکانی تر وهێزە نیشتیمانی وقومیە عەرەبیەکانی تری وەکوو ویفاق وپاشماوەی ئەو هێزانەی ناسیونالیزمی عەرەبی کە خەریکن سەرلەنوێ خۆیان گردوکۆئەکەنەوە .

ئەو لایەنانە بەتایبەتی هێزە سیاسیە شیعی وسوننیەکان ، لەڕوانگەی ئەمریکاوە ئەتوانن پایگا ونفووز ودەسەلات لە عێراقدا پەیدا بکەن وچەترێکی شەرعی عێراقی بدەن بەسەر سیستمی نوێی پرۆئەمریکی لەم وولاتەدا بەمەرجی ئەوەی دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی نموونەی ئێران لەخەیالیاندا دەرکەن .

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش ئەمریکا نەک هەر پێدائەگرێت لەسەر یەکێتی خاکی عێراق بگرە ناچارە کە زۆر ئیمتیازاتی تر بدات بەو لایەنە سیاسیانە وەکوو پێداگرتن لەسەر ئیسلام وەکوو کۆلەکەیەکی

دەستووری وناوەڕۆکی گشت یاسا وسیستمی سیاسی عێراق چونکە ئیتر بۆ هەموو کەسێکی چاوساغ دەرکەوتووە کە ئەمریکا بەبێ هاوکاری وئامادەیی ئەو لایەنە سەرەکیانەی هاوکێشەی سیاسی عێراق هیچی بۆ ناکرێ وپەلەکردنیشی بۆ سپاردنی دەسەلآت بە ( عێراقیەکان ! ) لە 30 حوزەیرانی ئەمسالدا ، شتێک نەبوو جگە لە دەستبەرداربوون لەخەیالآتەکانی قۆناغی یەکەمی ڕووخاندنی ڕژیم وملکەچکردن بۆ ڕاستیە نوێکانی بارودۆخی ئەو وولآتە .

سێیەم :

ئەمریکا لەدارشتنەوەی سەرلەنوێی عێراقدا ناتوانێ ڕاوبۆچوونی دەولەتە عەرەبیەکان وناسیونالیزمی عەرەبی وهەروەها بەرژەوەندی ستراتیجی تورکیا پشت گوێ بخات .

هەموو ئەو فاکتەرانە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئێستا وداهاتووی مەسەلەی کورد دائەنێن وچ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان وچ هەر ئەنجامگیریەکی سیاسی تر سەبارەت بەداهاتووی ئەو مەسەلەیە ، ناکرێ پشت گوێ بخرێن گەر کەسێک نەیەوێ خۆی گیرۆدەی گوتارێکی عاتیفی ورۆمانسی پێدابڕاو لەزەوی بکات .

بۆ ئەمریکا پێداگرتن لەسەر چوارچێوەی سیاسی عێراقێکی یەکگرتوو ، ستراتیجێکی پایەدار وخەتێکی سوورە ، نەپێشتر ونە بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە ، ئامادەی پشت گوێخستن وبەزاندنی نیە .

لەشەڕی کوەیتەوە تا کۆتایی سەدەی پێشوو ، ئەمریکا بەچاوی مەسەلەیەکی مرۆیی ئەیڕوانیە مەسەلەی کورد ولەوچوارچێوەیەدا بۆ مەرامە سیاسیەکانی خۆی ئیستیغلالی ئەکرد ولە 11ی سەبتەمبەر بەدواوە وبەتایبەتی لەکاتی شەڕ لە عێراقدا ئەوپەڕی تینی دایە خۆی وحاسلەکەی جگە لەدانپیانان بە بنەما وچەمکی فیدرالیەت بۆ عێراق ، کە دەربڕینێکی زۆر پان وپۆڕە ودەیان تەفسیر هەلئەگرێ ، هەلوێستێکی تری نەگرتۆتە بەر ودانی بەمافەڕەواکانی گەلی گورددا نەناوە وئەوانەش کەووتم لەچوارچێوەی سیاسەت وهەلوێستی ڕەسمی حکوومەتی ئەمریکادا نەبووە بگرە تەسریحاتی لێرە ولەوێی هەندێ لێپرسراوی ئەو وولآتە بووە .

بەپێی گشت ئەوانە هەر ئومێدێ بەوەی کە چاری مەسەلەی کورد ڕاستەوخۆ لە درێژەی نەقشە وپلانەکانی ئەمریکادا وبەئارەزووی ئەوان بێتەدی ، جگە لەسەراب ووەهم زیاتر هیچی تر نیە وباجی ئەو خۆشباوەڕیەش کەم نەبووە ولەداهاتووشدا قورستریش ئەبێ .

چارەسەری ئەم بۆشاییە سیاسیەی ئێستای عێراق وڕێگرتن لێکترازانی جوغرافیای سیاسی ئەم وولآتە وهەروەها پێشگرتن بەگۆڕانی ئەزمەی ئێستا بەشەڕی ناوخۆیی سەرتاسەری وهەلوەشانەوەی ئەو نیمچە دام ودەزگایەش کە پێکهاتون ، ناوەڕۆکی هەولی هاوبەشی ئەمریکا وحکوومەتەکەی ئەیاد عەلاوی پێک دێنێت .

بەلآم ڕێگرەکانی بەردەم ئەو هەولآنە لەوە قوولتر وهەمەلایەنەترن کە ئەمریکا وحکوومەتە ئیئتیلافیەکەی عەلاوی بتوانن هەروا بەئاسانی وبەتایبەتیش لەو جدولە زەمەنیە کورتەی 5 مانگی داهاتوودا چاریان بکەن .

لەڕاستیدا بۆشایی سیاسی ئێستای عێراق خالی پێگەیشتنی قوولترین کێشەی سیاسی ومێژوویی وهاوچەرخی ئەم وولآتەیە کە لەسالی 1958 ەوە لەسەریەک کەلەکە ئەبن . ڕژێمی سەدام سەرقاپی مەنجەلێکی گەورە بوو کە بەزۆرەملێ ودیکتاتۆریەت پێشی گرتبوو بەتەقینەوەیان .

عێراق مەنجەلێک بوو کە دەیان مەسەلەی جۆراوجۆری تیا ئەکولا وەک : مەسەلەی کورد ، داڕووخانی بنەمای ئابووری وئاکامەکانی ، وەرچەرخانی کۆمەلگا ڕووەو ڕاسترەوی وکۆنەپەرستی ، زیندووبوونەوەی هەمەلایەنەی گیانی عەشیرەتگەری ودەیان ڕێ ورەسمی دواکەوتووی تر ، پێویستی کۆمەلگایەکی مدنی وعلمانی ، ململانێ ی هێزی چەپ وڕاست ، داخوازی ژنان ولاوان ، سیستمی پەروەردە وخوێندن ، جێ وشوێنی عێراق لە سیستمی سیاسی ناوچەکە ، ئاسەوارەکانی چەندین شەڕی ناوچەیی وناوخۆیی ، دەستێوەردان وتەماحی دەولەتانی ناوچەکە ، کاریگەری مەسەلەی فەلەستین ، سەرهەلدانی بزووتنەوە ئیسلامیەکان ودەیان مەسەلە وناکۆکی تر .

بەڕووخانی ڕژیمی پێشوو هەموو ئەو مەسەلانە ودەیانی تر بوون بەرەوتی سیاسی وکۆمەلایەتی ولەململانێیەکی کەم وێنەدا وبەدنەدانێکی سیستماتیکی ئەمریکا ، بوون بەمەسەلەی ڕۆژ وگێلی ونەفامیە گەر کەسێک پێی وابێ ئەتوانێ لەپێشەوە عاقیبەتی دوور ونزیکی ئەم ململانێیانە وشێوەی گیرسانەوەیان دەسنیشان بکات .

بەلام یەک شتی هاوبەش لەکۆی ئەو ململانێ هەمەلایەنەدا ڕوون وئاشکرایە وفاکتەر ورەوت وهێزە کۆمەلایەتی وسیاسیەکانی ئێستای گۆڕەپانی سیاسی عێراق وململانێ ناوخۆییەکانی ئەوان وهاوشانی ئەوەش دەوری ئەمریکا ودەستێوەردانی سوریا وئێران وتورکیا وئیسرائیل وسەرجەم فاکتەری ئیقلیمی ، پێکەوە بارودۆخی دوور ونزیکی سیاسی عێراق وجۆری سیستمە سیاسی وکۆمەلایەتی وئابووریەکەشی دەسنیشان ئەکەن .

ئەو شتە ڕوون وئاشکرایەش ئەوەیە کە مەسەلەی کورد بەشێکە لەمەسەلەی ئازادی وکرانەوەی فەزای ئازادی سیاسی لەسەرجەم عێراقدا ودامەزراندنی سیستمێکی سیاسی ئازاد ومۆدێرن وعلمانی لەسەر بناغەی مافە دیموکراتیکەکانی خەلک .

لەسایەی هاوکێشە سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراقدا 2 ڕێگە لەبەردەم مەسەلەی کورددایە :

یەکەمیان :

دامەزراندنی دەولەتێکی مۆدێرن وعلمانی کە ئازادی تاک وگرووپە کۆمەلایەتی وسیاسیەکانی عێراق بسەلمێنێ وهاوولاتی بوون بکات بە بناغەی دارشتنی لائیحەی ئەرک ومافەکانی خەلک ولەوێشەوە وئەوەندەی پەیوەندی بەخەلکی کوردستانەوە هەبێ هەم هەموو پاشماوەکانی زولمی لەمێژینە لەسەر گەلی کورد بسڕێتەوە ( کە ئەم بەشەیان ڕووی لەڕابووردووە ) وهەم بنەما یاسایی ودەستوریەکانی چاری مەسەلەی کورد وەکوو مەسەلەیەکی سیاسی دێرین وئالۆز فەراهەم بکات وبەیەک ووشە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەلکی کوردستان بکات بە مەبدەئێکی دەستووری بەبێ هیچ گرێ وئەگەر وئەممایەک تابەوشێوەیە هاوولاتی کورد هەست بکات کە عێراق هی ئەویشە ، گەر ویستی لەچوارچێوەی ئەو وولاتەدا بمێنێتەوە .

دووەمیشیان :

خەلکی کوردستانی عێراق لەدەنگدانێکی گشتیدا جاڕی سەربەخۆبوون وجیابوونەوە لەو کیانە سیاسی ودەستوریە بدەن کە بەبێ خواست وئیرادەی خۆیان وبەدەستێکەلکردنێکی ناوچەیی وجیهانی کۆنەپەرستی وئیمپریالیستی بەسەریاندا سەپێنراوە .

من پێم وایە ، بەهەموو پێوانەیەک وبەگرتنەبەری ئەگەری جۆراوجۆری ڕەوتی ئالوگۆڕی کێشە سیاسیەکانی ئێستا وداهاتووی نزیکی عێراق ، بەدیهاتنی سیناریۆی یەکەم دژواری زۆری لەبەردەم دایە .

هەموو ئەگەرەکان ئەچنەوە سەر دامەزراندنی دەولەتێک لەسەر بناغە وناسنامەیەکی قومی عەرەبی بە ڕووپۆشێکی ئاشکرای ئیسلامی وکۆنەپەرستەوە بەبەشداری هەندێ هێزی ناسیونالیستی کوردی کە ڕەنگ بێ لەقۆناغی یەکەمدا هەندێ ئیمتیازی بەرچاویان بدرێتێ بۆ داپۆشینی هاشاکردن لە ماف وداخوازیەکانی گەلی کورد .

کەواتە مەحالە کە مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی ستراتیجی ئەمریکادا چارەسەر بکرێت .

خواستی خەلکی کوردستان جگە لەوەی لەڕووی بابەتیەوە ناکۆکە لەگەل ئەو ستراتیجیەدا ، لەڕووی عملیشەوە ڕێک ئەکەوێتە سەنگەری بەرانبەر بەو ستراتیجە وئەمڕۆش سەرباری خۆگرێدانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکیەتی نیشتیمانی کوردستان وباقی هێزە ئیسلامی وقومیە کوردیەکان بەو ستراتیجەوە ، خەریکە سەرەتاکانی دەرکەوتنی دژایەتی سیاسەتی ئەمریکا لەگەل ئاواتی گەلی کورد بۆ بەدەسهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەدەستی خۆیان بەکردەوە بۆ خەلک خۆشی دەرئەکەوێ .

بەو مانایە گەلی گورد لەگەل سەرجەم بەرەی ئازادیخوازی وعلمانی عێراقیدا ئەبن بەیەکەمین قوربانیەکانی دامەزراندنەوەی عێراقێکی ناسیونالیستی عەرەبی _ ئیسلامی کە هەموو ئالوگۆڕەکان ، بەهۆی فاکتەری دیار وئاشکرای بابەتی وزاتیەوە ، سیناریۆیەکی ئیحتیمالی دیارترە وڕۆژبەڕۆژ ئالوگۆڕەکان بەوبارەدا ئەڕۆن .

## ئەجیندای گەلی گورد وئەجیندای یەکێتی وپارتی

ئەجیندای گەلی کورد گەرچی لەدەربڕیندا ناڕۆشن بێت بەلام ناوەڕۆکێکی ئاشکرای هەیە کە بریتیە لە بەدیهێنانی ئازادی تەواویان لەبڕیاردان بۆ مانەوە لەچوارچێوەی عێراق یان پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ .

بەلەبەرچاوگرتنی ڕەوتی بنیاتنانەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی عێراق وەکوو وولاتێکی عەرەبی _ ئیسلامی ، ئەو داخوازیەی خەلکی کوردستان تا دێت ئەگەری بەدسهاتنی لەچوارچێوەی یەکگرتویی عێراقدا لاواز ئەبێ وگەرچی گەلی کورد لەڕووی بابەتیەوە هاوپەیمان وهاودەردی هێزە علمانی وچەپ وکۆمۆنیست وئازادیخوازەکانی سەرتاسەری عێراقە وتا ئێستاش چارەنووسێکی هاوبەش لەبەرانبەر مەترسی بەرپاکردنەوەی ئەو سیستمە کۆنەپەرستە کۆیان ئەکاتەوە ، بەلام چارێکی تری نیە جگە لەجیابوونەوە وڕاگەیاندنی دەولەتێکی سەربەخۆ کە ناوەڕۆک وجۆری ئەو دەولەتەش سەرەتا هاوکێشە سیاسی وکۆمەلایەتی وفکریەکانی ناوخۆی کوردستان وئینجا فاکتەری ناوچەیی وجیهانی دیاری ئەکەن .

نائومێدی گەلی کورد بە سیناریۆکانی ئێستا ڕۆژبەڕۆژ زیادئەکات ولەگەل چوونەسەری کێرڤی دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ بەو ئاقارەی پێشوودا ، ئەو نائومێدیە زیاتر ئەگۆڕێ بەجۆش وخرۆش وتفاعلاتی ناوخۆیی .

لەچاو 1 – 1,5 سالی ڕابووردوودا وبەتایبەتی پاش بڕیاردان لەسەر دەستووری کاتی لە 8 _ 3 _ 2004 ودوای دەرچوونی بڕیاری 1546 ی ئەنجوومەنی ئاسایش ودامەزراندنی دەولەتی کاتی عێراق ، ئەمڕۆ پێداگرتنی خەلک لەسەر جیابوونەوەی ناچاری کوردستان ، گوڕوتینێکی زیاتری بەخۆوەگرتووە .

لەبەرانبەر ئەوەدا ئەجێندای یەکیەتی وپارتی جۆرێکی ترە .

سیاسەت وشیعاری سەرەکی ئێستای ئەمان بریتیە لە ( بەرپاکردنی عێراقێکی فیدرالی دیموکرات ویەکگرتوو ) وەگوو تەنیا ڕێگە بۆچاری مەسەلەی کورد .

هەم پارتی وهەم یەکیەتی لەمێژووی دوورودرێژی تەمەنی سیاسی خۆیاندا بەرگری تەواویان لەیەکیەتی خاکی عێراق کردووە . ئەو بەرگریکردنە تا 1992 لەژێر شیعاری ( ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ودیموکراتیەت بۆ عێراق ) ولەوەش بەدواوە بەپێداگرتن لەسەر بڕیاری هاوبەشیان لە ( پەرلەمانی کوردستان ) دا شیعاری پێشوویان گۆڕی بۆ ( عێراقێکی فیدرالی یەکگرتووی دیموکرات یا فرە حیزبی ) . لە 10 سالی ڕابووردووشدا هەمیشە بەناوی ڕێزگرتن لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ، تەئکیدیان کردۆتە سەر فیدرالیەت وەکوو گونجاوترین شێوە بۆچاری مەسەلەی کورد لە عێراقێکی یەکگرتوودا .

دیارە بەدانانی پەرلەمان بە نوێنەری شەرعی گەلی کورد وتەنیا مەرجەعی خاوەن هەق بۆ بڕیاردان سەبارەت بەچاری مەسەلەی کورد ، پارتی ویەکیەتی میکانیزمی چاری مەسەلەکەشیان بریوەتەوە ولەژێر پەردەیەکی دیموکراتی بەناوی ( ئەنجوومەنێکی هەلبژێردراوەوە ) هەقی ئەوەیان لەخەلک سەندۆتەوە کەبڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن .

گەر لەوەش بگەڕێین گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم 2 حیزبە چ پێش ڕووخانی بەعس وچ دوای ئەوەش نزیکترین دۆست وهاوپەیمانی ئەو هێزە عێراقیانە بوون وهەن کە بەتایبەتی ئەمڕۆ میراتگری ڕاستەوخۆی شۆفینیزمی عەرەبین لەعێراقدا وئەوە دۆست وهاوکارەکانی ئەوانن کە درێژەپێدەری ئەو دەورەن کە بەعس 35 سال گێڕای .

هێزەکانی وەکوو ویفاقی نیشتمانی عێراقی ، کۆنگرەی نیشتمانی عێراق ، ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی وحیزبی دەعوە هەم لەهێزە هەرە سەرسەختەکانی پارێزگاری لە یەکیەتی خاکی عێراق وزەوتکردنی مافەکانی گەلی گوردن وهەم کۆن وئێستاش نزیکترین دۆست وهاوپەیمانی پارتی ویەکیەتین وئەو دۆستانەی ئەوانن کە بڕیارە پێکەوە عێراقێکی فیدرالی یەکگرتوو دابمەزرێنن .

ئەو هێزە هاوپەیمانانەی یەکیەتی وپارتی جگە لەوەی لەڕووی بابەتیەوە هێزگەلێکی کۆنەپەرست ودواکەوتووی ئیسلامی وقومین ، دوژمنی سەرسەختی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد وبەتایبەتی مافی جیابوونەوە وپێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆن لەلایەن خەلکی کوردستانەوە .

ناوەڕۆکی هاوپەیمانی یەکیەتی وپارتی وئەو لایەنانە لەسەر شیعاری ( بنیات نانی عێراقێکی فیدرالی یەکگرتوو ) دامەزراوە . گفتوگۆکانی سەرلاپەڕەی ڕۆژنامەکان وناو هۆلەکانی ئەنجوومەنی دەسەلات لەسەروبەندی دارشتنی دەستووری کاتی عێراق کە تا 8 _ 3 ی ئەمسالی خایاند ، زۆر بەجوانی هەلوێستی ئەو دۆست وماوپەیمانانەی ئەو 2 حیزبە قومیە کوردیەی نیشاندا لەسەر مەسەلەی کورد ولەوێشەوە لەسەر مەسەلەی ئازادی بەگشتی .

ئەوان زۆر ئاشکرا ، بەتایبەتی پاش مکۆم کردنی پەیوەندیەکانیان لەگەل ئەمریکا ولەکاتێکدا کە هێشتا تەنها دەستیان لەسووچێکی دەسەلات گیربووبوو ، ڕایان گەیاند کە تەنانەت ئامادەییان بۆ قبولکردنی فیدرالیش چۆنە .
گەر پرۆسەی گیرسانەوەی سیستمی سیاسی عێراق لەسەردەستی ئەو ئیئتیلافە قومی عەرەبی وئیسلامی وعەشایەری وتائیفیە عێراقیەی تێکەل بەدەورێک کە ناسیونالیزمی کورد تیایدا ئەیگێڕێ لەبەرچاوبگرین ، ئەوەشی بۆزیادبکەین کە کۆنەپەرستی پان وپۆڕی دینی ( شیعی وسوونی ) وتایفەگەری وعەشیرەتبازی وناوچەگەری وهەرچی دەمارگیری تەسکی دواکەوتوو هەیە وکەلەخوارەوە لەناو خودی خەلکی عێراقدا ووروژاوە وئەبعادێکی کۆمەلایەتی وسیاسی پانوپۆڕی بەخۆوەگرتووە ، ئەوکات ناوەڕۆکی ئەجیندای ( چاری مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی خاکی عێراق ) کە ناوەڕۆکی سیاسەتی پارتی ویەکیەتیە لەسەر مەسەلەی کورد ، زۆر باشتر دەرئەکەوێ وجیاوازی ئەجیندای ئەوان وخەلکی کوردستانیش ڕوونتر ئەبێتەوە .
دەولەتێکی فیدرالی کە یەکیەتی خاکی عێراق مسۆگەر بکات ، بەزمانی یەکیەتی وپارتی شتێک نیە جگە لەبەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەڕژێمی سیاسی فیدرال ویەکگرتووی داهاتووی عێراقدا وداپۆشینی ئەو ستراتیجیەتە بەکۆمەلێک شیعاراتی قومی تا لەلایەن خەلکی کوردستانەوە ئەوە بەچاری مەسەلەی کورد بناسرێت وبەو نرخە بەوانی بفرۆشنەوە .
بەلام پێداگرتنی ئەو 2 لایەنە لەسەر بنیاتنانەوەی عێراقێکی یەکگرتوو ، لەژێر هەیمەنەی هێزێکی ئیمپریالیستی چاوچنۆکی وەکوو ئەمریکادا کە جگە لەبەرژەوەندی تەسکی خۆی هیچی تری لا پیرۆز نیە ، عێراقێک کە تیایدا ڕەشترین هێزی سیاسی وەکوو تەییارە شیعی وسوونی وعەشایەری وشۆفینیە عەرەبیەکان تیایدا دەسەلاتداربن ، ناکۆکی تەواوی هەیە لەگەل خواستی خەلکی کوردستان بۆ مالئاوایی یەکجاری لەئەنفال وتەعریب وتەبعیس وجینۆساید وئیعدام وقەدەغەکردنی زمانی کوردی و... بەکورتی دانانیان بە هاوولاتی پلە دووەم وسێیەم . هەروەها پێداگرتن لەسەر یەکیەتی خاکی عێراق لەژێر هەر ناوێکدابێت وشەرعیەت دان بەو نیزامە سیاسیەی لێوەی هەلئەقوولێت بەناوی گەلی کورد وڕێزگرتن لە( پەرلەمانی هەلبژێردراوی خەلک ) خۆی لەخۆیدا زەوتکردنی ئیرادە وخواستی ملیۆنەها خەلکی کوردستانە کە ڕۆژانە زیاتر گردئەبنەوە لەدەوری ئاواتی پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ دوای بێ ئومێدبوون لەوەی کە کێشەکەیان لە ڕەگوڕیشەوە لەسایەی نیزامێکی سکۆلار وپێشکەوتوو ومۆدێرن لەم قۆناغەدا لەعێراق چارەسەربکرێت .

## دەوری ڕیفراندۆم لەم مەسەلەیەدا

لەتەمووزی 2003 بەدواوە جموجۆلێک لەکوردستاندا بەناوی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمەوە دەستی پێکرد .
ئەم بزووتنەوەیە لەکاتی دامەزراندنیدا ( سەرباری هەندێ ئیشکالات ) لەڕووی سیاسیەوە بەدروستی چەند ئامانجی بۆخۆی دەسنیشان کرد :
1 / با بە ڕیفراندۆم گەلی کورد چارەنووسی خۆی دیاری بکات لەوەی لەگەل عێراقدا دەمێنێتەوە بە فیدرالی یان سەربەخۆیی خۆی بەدەستبێنێت .

2 / بەجیاوازی ئایینی ومەزهەبیەوە ، بەجیاوازی ئینتیمای سیاسی وحیزبیەوە با هەموومان داوای ڕیفراندۆم بکەین .

3 / پێویستە تەواوی مافی تورکمان وعەرەب وئاشوورکلدان لەکوردستاندا پارێزراوبێت .

4 / شەفافیەت نەک بڕیاردان لەژووره داخراوەکاندا زامنی بەشداری سیاسی چالاکانەی خەلکی کوردستانە .

5 / ......

چ لەو بەلگەنامانەی تەمموزی 2003 لە سلیمانی وچ کۆنفرانسی هەولێر لە 25 / 12 / 2003 وچ لەسەرجەم بەلگەنامەکانی تریدا ، بزووتنەوەی ڕیفراندۆم جگە لەو بنەما سەرەکیانەی سەرەوە زۆر بە ئاشکرا دەیان پرۆژە وراسپاردە وبڕیاری تری دەرکرد کە زۆربەیان لەخزمەتی هەمان شیعاراتی سەرەکیدا بوون وپرۆژەیەکی هەمەلایەنەی بۆ کار وچالاکی خۆی وهەلخراندنی خەلکی کوردستان دەسنیشان کرد وچەندین چالاکی جەماوەری گەورەش لەدەرەوە ڕێکخرا وجالیەی کوردی لە دنیادا زۆر بەپەرۆشەوە وبەخێرایی وبەژمارەی زۆرەوە بەدەنگی بانگەوازەکانیەوە چوون .

بزووتنەوەی ڕیفراندۆم تا 3 مانگی سەرەتای سالی 2004 یش بەرەو پێشڕەوی ئەڕۆیشت وسەرباری هەر تەم ومژی وناڕۆشنی وئیشکالاتێکی سیاسیش ، هەمووکەس چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرد کە ببێ بە چوارچێوەیەک بۆ خستنەگەڕی ئیرادەی جەماوەری ملیۆنی گەلی گورد وڕێکخستنیان لەدەوری داخوازی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئەو کاتەدا کە هێشتا هیچ هەنگاوێک نەنرابوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی گەورەی عێراق . دیارە ڕەوتی ڕووداوەکانی عێراق بەپێچەوانەی مەرام وویستی گەلی کورد ومەسەلە ڕەواکەی ئەڕۆیشتنە پێش بەتایبەتیش لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکمەوە .

ئیتر بۆ ئەمریکا ئاشکرابوو کە لەبەرانبەر ئەزمەیەکی سەرتاپاگیر لەعێراقدا ، لەڕوانگەی خۆیانەوە ، چارێکیان نیە جگە لە بەهێزکردنی ئیئتیلافێکی شیعی _ سوونني _ عەرەبی _ کوردی بەناوەڕۆکێکی عەشایەری وکۆنەپەرستی وەهاوە کە ڕژێمەکانی تورکیا ومیسر وئوردون لەچاویدا مۆدێرن تر ودیموکراتی ترن . بەلام لەوەش گرنگتر پێداگرتن بوو لەسەر ناوەڕۆکی دەولەتی عێراق کە گوایە لەسەر بنەمای یەکیەتی ئارەزوومەندانەی گەل وئایین ومەزهەبەکانی دامەزراوە ( دیارە مەبەستیان یەکیەتی ئارەزوومەندانەی ئەو حیزب ولایەنانە بوو کە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا بوون بوتایبەتی 6 لایەنە سەرەکیەکە ) .

ئەوە کۆلەکەی یەکەمی دەولەتی نوێی عێراق بوو . یاسای ئیدارەی دەولەتی ئینتیقالی مانگی ئازاریش کۆلەکەی دووە م وسپاردنی دەسەلات بە هەمان ئیئتیلاف لە 1 / 6 سێیەمین وبەرپاکردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقیش نوێترین ئەو کۆلەکانەی ئەو عێراقە نوێ ویەکپارچە عەرەبی وئیسلامیەیە کە دورنمای سیاسی هاوبەشی هەر 3 قوتبی سیاسی سەرەکی برجوازی عێراق پێکدێنن واتە : تەییاری قومی عەرەبی ، تەییاری قومی کوردی و تەییاری ئیسلامی .

لێرەدا 2 خالی گرنگ بایەخی خۆیان هەیە ونابێ بەسەریاندا تێپەڕین :

یەکەم : پارتی ویەکیەتی مەسئولیەت وتاوانێکی مێژوویی گەورەیان لەئەستۆیە چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای تەنها 1 کەسی کوردیش وبەبێ حسابکردن وبایەخدانان وکەلک وەرگرتن لەو ئەزمە قوولەی ئەمریکا تێی کەوتبوو ، یا ئەو پاشاگەردانیە گەورەیەی هەردوو تەیاری قومی عەرەبی

وئیسلامی دەرگیری ببوون ، ئەمان بەناوی گەلی کورد وخەلکی کوردستانەوە شەرعیەتیان دایەوە بەسەربنیاتنانەوەی عێراقێکی قومی _ ئیسلامی عەشایەری وکۆنەپەرستدا کە هیچ ئاسەوارێکی دەولەتی مۆدێرن وسکۆلار ودیموکراتی تیا بەدی ناکرێ وداخوازیە ڕەواکانی گەلی گورد ، درەنگ یا زوو ، ئەبن بەیەکێک لەیەکەمین قوربانیەکانی .

دووەمیان : ڕیفراندۆم لە جەرگەی ئەو بۆشاییە گەورەیە وئەو ناڕۆشنیەدا پێکهات کە مەسەلەی کورد بەرەورووی ببۆوە . گەر خەلک ئومێدێکی بە یەکیەتی وپارتی وپرۆژە سیاسیەکانی ئەوان مابا ، گەر دورنمای سیاسی ئەوان جووت بوایە لەگەل داخوازیەکانی خەلکی کوردستاندا ، گەر ئەوان پێیان دابگرتایە لەسەر ئەستەم بوونی پێکەوەژیانی ئاواتی ئازادیخوازانەی زۆربەی خەلکی کوردستان لەگەل تەییاراتی ئیسلامی وشۆفینینی وعەشایەریدا، ئەوکات ڕیفراندۆم سەری هەلنەئەدا یا گەر سەریشی هەلبدایە نەئەبوو بە جێی پشتیوانی خەلک .

لەوبارودۆخەدا یەکیەتی وپارتی زوو هەستیان بە مەترسی ئەوە کرد کە ڕیفراندۆم خەریکە لەو چوارچێوەیە بترازێ کە ئەمان پێویستیان پێیەتی بۆیە کەوتنە هەولێکی هەمەلایەنە بۆ جلەوکردن وئیحتیواکردنی لە ژێرپەردەی پشتیوانیکردنی ، چونکە خۆیان وەکوو یاریکەری ئەسلی ئەو سیناریۆ ڕەشەی عێراق ، باش ئەزانن کە چۆن زەمینەی ئەوە هەیە خەلکی کوردستان تاقیبی شکل وشێوەیەکی تر بکەن دوای نائومێدیان لەیاریەکانی ئەمان وئەمریکا یا قوماری مەجلیسی حوکم یا دەستووری کاتی .

گەر بەویژدانەوە سەیری ڕەوتی ئالوگۆڕەکان وکێرڤی جموجۆلی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بکەین بەو ئەنجامە ئەگەین کە ئەو 2 حیزبە وبەتایبەتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان گۆلی خۆی کرد وبزووتنەوەی ڕیفراندۆمی ئیحتیواکرد وسواری ملی بوو .

لەگەرمەی ئەو ئالوگۆڕە ناسکانەی عێراق ولەکاتێکدا لەسەر شان وبرین وئازاری خەلکی کوردستان ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وبەبەشداری یەکیەتی نیشتمانی وپارتی ، کۆلەکەکانی دەولەتی تازەی عێراق دادەمەزرایەوە وتیایدا گەورەترین فایلی وەکوو مەسەلەی کورد بەوەعدی ( فیدرالی ) وچەند وەزیر ونایب دەشێوێندرا ، بزووتنەوەی ڕیفراندۆم نقەی لەخۆی بڕیبوو ولەبەرانبەر دەیان بڕیار وڕاسپاردەی خۆشیدا هیچ هەنگاوێکی نەدەهاویشت وهەلوێستێکی نەبوو .( من لێرەدا ناچمە سەر هەندێ لەو بڕیار وڕاسپاردانە وڕادەی پەیوەندیان بە بەرژەوەندی گەلی کورد وڕیفراندۆمەوە وەک : هەولدان بۆ یەکخستنەوەی بەپەلەی هەردوو ئیدارەی هەولێر وسلسمانی ، چونکە شوێنکەوتنی ئەو سەرابە ئیشی ڕیفراندۆم نیە ) .

من لێرەدا ئەپرسم : کوا ( دامەزراندنی لیژنەکانی بزووتنەوەی ڕاپرسی لەهەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان وبەغدا ) ؟ * ، کوا ( دەرکردنی بلاوکراوەیەک بەناوی بزووتنەوەکەوە ) ؟ * کوا ( هەولدان بۆ چەسپاندنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان لە دەستووری داهاتووی عێراقدا ) ؟ * کوا ئەوەی کە ووتتان ( بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووس سازە پەیوەندیدارەکان بە گەلی کوردستانەوە دەبێت ڕای خەلکی وەربگیرێ ) ؟ * کوا ( هەژاندنی شەقامی کوردی ) ؟ ئایا دەرکردنی دەستووری کاتی ، دەمەزراندنی حکوومەتی ئینتیقالی ، بەستنی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی و ... تاد ، ( مەسەلەی چارەنووس ساز ) و ( پەیوەندیدار بەگەلی کوردستانەوە ) نەبوون ؟ ئەی بۆ بزووتنەوەی ڕیفراندۆم شەقامی کوردی لەسەر ئەوانە نەهەژاند ؟ بۆ هەول نەدرا ڕێپێوان وناڕەزایەتی جەماوەری

ڕێکبخرێن ؟ ئایا ئەوانە زیانیان بۆ ( ئەمنی قومی ) عێراق هەبوو ؟ بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا باش نەبوون ؟ ئاسایشیان تێکئەدا ؟

لە زمانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمەوە ، کە بانگەشەی شەفافیەت ئەدا ، هیچ وەڵامێکی ئەو ( بێدەنگیە پڕ مانایە ! ) نەبوو ونیە .

بەڵام هەموو کەس ئەزانێ کێ ڕێ لەهەژاندنی شەقامی کوردی ئەگرێ وکۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم کە زۆر ئەهلی شەفافیەتە ، نایەوێ ئەو ڕاستیە بدرکێنێت .

ڕێگرەکان زۆر ئاشکران بەڵام هاودەنگی سیاسی کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لەگەل یەکیەتی نیشتمانیدا وبەدەربەستیان بۆ لەکەدارنەکردنی سومعەی سیاسی ئەوان ، ڕێیان پێنادات ئەو ڕاستیە ئاشکرایەش بەخەلک بلێن .

ڕێگرەکان ئەو لایەنە دروستی ئەکەن کە ڕێگریان دروست کرد لەبەردەم ڕێکخستنی ڕێپێوانێکی چەند سەد کەسی لە سلیمانی . ئەوانەن کە لە هەلبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقدا حسابێکیان بۆ خەلک نەکرد وئیعتیبارێکی بچووکیشیان بۆ ڕیفراندۆم وئەو ملیۆن و700 هەزار کەسە دانەنا کە ئیمزایان کرد وداوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیان کرد ودۆستانی کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆمیش بۆ زویرنەکردنی یەکیەتی وپارتی ولەخەمی ( ڕووخانی تەلاری تاقیکردنەوە ساواکەی کورد ! ) دلیان نایات ئەو ڕاستیە بدرکێنن .

ئایا بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ، پێبزانن یا نا ، خۆلیان نەئەکردە چاوی خەلک کەدەیان ووت ( پەرلەمانی کوردستان کە لەدیدی جیهانەوە دەزگای نوێنەرایەتی خەلکی کوردستانە ، کارا بکرێت وئاستەنگەکانی بەردەمی لەناوببرێن وبکرێتە ئەو دامەزراوەی هەموو سیاسەتمەدارێکی کوردستان ناچاربێت بۆی بگەڕێتەوە ونەتوانێ بێ بڕیار وویستی ئەو هیچ هەنگاوێک بنێت ) .

ئایا ئەوە وەهم وسەراب نیە ؟ ئاخر ئەو پەرلەمانە پێکهاتووە لە سەرکردایەتی هەمان ئەو حیزبانەی کە ( بەبێ بڕیار وویستی خەلک ) وبەکەیفی خۆیان چارەنووسی خەلک دیاری ئەکەن . جگە لەوانەش بۆ بڕیارەکانی ئەو پەرلەمانە کارتۆنیە وا پیرۆز سەیر بکرێ وهەقی ئەوەی بدرێتێ کە ئازادی لە خەلک زەوت بکات بە مەرجێک ئامرازی دەستی 2 حیزب بن بەو پاشەلەوە ؟ .

پرسیارەکە لەسەرانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ئەوەیە کە ئەم خۆخەلەتاندن یا خەلک خەلەتاندنە لەپای چی ؟ جگە لەوەش کوا ئەو فشارەی کە قەراربوو بخرێتە سەر ( دام ودەزگا حیزبی وحکوومیەکان ) بۆ ( خستنەڕووی ڕاستیەکان ) کە خۆتان وەک ئەرک دیاریتان ئەکرد ؟

ڕەنگ بێ دۆستانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ، وەکوو عەقلی باوی کوردی ، شکستی پرۆسەی ڕیفراندۆم بەتەنیا ببەنەوە سەر زرووفی بابەتی وتایبەتمەندی مەسەلەی کورد ودابەشبوونی بەسەر چەند ووڵات وچی وچی بەڵام هەر کەسێک تۆزێک بەویژدانەوە سەیری تاقیکردنەوەی یەک سال زیاتری بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بکات بە ئاشکرا بۆی دەرئەکەوێ کە هێشتا وپێش ئەوەی لووتمان بدا لەبەردی کۆسپە بابەتیەکان ودوژمنە دەرەکیەکان وچی وچی ، زۆر پێش ئەوە ، ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن یەکیەتی وپارتیەوە لەباربرا وئیحتیواکرا وپاشقولی لێ گیرا وپەلکێش کرا بۆ ناو پەت پەتێنی ململانێی ئەو 2 لایەنە وگەمەی ئەمریکا لە عێراق ودیارە هەموو ئەو پاشقول گرتنانەش هەم لەژێرپەردەی پشتگیری لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم وهەم لەڕێی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم خۆیەوە بەڕێوە براوە .

تا ئەو ئاستەش کە بگەڕێتەوە سەر زرووفی بابەتی ئەوە من ، بەبێ ئەوەی لەقەبارەی ئەو بارودۆخە کەم بکەمەوە ، پێم وایە لەچاو هەموو قۆناغەکانی تا ئێستادا ، هیچ کات لەڕویی بابەتیەوە ، ئەوەندە بوار لەبارنەبووە بۆ چارێکی ڕیشەیی وڕەوا بۆ مەسەلەی کورد لە عێراقدا .

جگە لەوە ، گەر قسە لەسەر یەکیەتی وپارتی بێت ئەوە ئاشکرایە کە ئەوان نە پێیان خۆشە ونە گەر بۆشیان بکرێ دەهێلن ڕیفراندۆم بە ڕێچکەیەکی سەربەخۆدا بڕوات چونکە پێشڕەوی ئەو بزووتنەوەیە بەو مانا سەربەخۆ وجەماوەریەی ئەو شەرعیەتە ڕوالەتیەیان لێئەسەنێتەوە کە گوایە ئەوان نوێنەری گەلی کوردن .

بەڵام گرفتەکە لەوەدا نیە کە ئەو دوو هێزە سیاسیە وا بیرئەکەنەوە وئەو جورە پراتیکە بەڕێوەئەبەن ، بەلکوو لێرەدا کێشەکە ئەوەیە کە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بەڕۆژی ڕووناک چاو لەو ڕاستیانە ئەنوقێنێ ، یا بێدەنگیان لەبەردەمدا ئەکات یا تەنانەت خۆشی پاکانەکانی ئەوان ئەلێتەوە .

کاتێک کە ڕێگیرا لەبەرپاکردنی خۆپیشاندانی 21 / 2 / 2004 بەبیانووی ئاسایش کە بیانووی یەکیەتی وپارتی بوو ، نەئەبوایە ڕیفراندۆم ملکەچی ئەو بیانوانە بێت چ جای ووتنەوەی هەمان بیانوو وپاکانە کردن بۆی . سەرەنجامیش زۆر هەلوێستی بنەڕەتی ڕیفراندۆم کۆپیەکی تری هەلوێستی ئەو 2 حیزبەیە بەمەرجێک ئەوان خۆیان پێداگرن لەسەر ستراتیجی یەکیەتی خاکی عێراق . هەر بۆ نموونە ڕاگەیاندنی کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم لە 19 / 3 / 2004 سەبارەت بەدەستووری کاتی ومەسەلەی فیدرالی تا ڕادەیەکی زۆر ووتنەوەی هەلوێستی هەمان ئەو حیزبانە بوو ، یا گەر وانیە کێ ڕێگەی دا بە کاک هەلکەوت عبدالله کە وەکوو ئەندامی باڵای کۆمیتەی ڕیفراندۆم بلێ کە هەلمەتی ئیمزاکۆکردنەوە لەکوردستاندا لەپێناوی سەربەخۆیی نەبوو . بڕوانە خەبات ڕۆژی 1 / 3 / 2004 .

کورتەی قسەکە ئەوەیە کەڕێگەی دەربازبوونی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان لەپاشەکشە وئیفلیجیەک کە تووشی بووە لەناوەڕۆکدا یەک شتە : ئەبێ ڕیفراندۆم ئاسۆی سیاسی وعملی وچالاکی خۆی سەربەخۆڕاگرێت وبەئاشکرا دەست بخاتە سەر ئەو ڕاستیەی کە ئەوە یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستانن کە بەدەیان شێوە ڕێ ئەگرن لەسەربەخۆیی ئەو وتا ڕیفراندۆم شیعار وئاسۆی سیاسی وقەوارەی خۆی بەتەواوی جیانەکاتەوە لەوان وئەو ڕاستیە بەجەماوەری گەلی کورد نەلێت کە گەلی کورد لەڕیفراندۆمدا بۆ ئامانجێک تێئەکۆشێ کە دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆیە و یەکیەتی وپارتیش بۆ عێراقێکی یەکگرتوو کە بەناوی فیدرالیەتەوە کۆمەلێک ئیمتیازیان پێ بدرێ ، ئەوە ڕیفراندۆم خۆشی جێی پرسیارە .

* بڕوانە بڕیار وڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی گشتی بزووتنەوەی ڕاپرسی لە کوردستان . کۆنفرانسی گشتی هەولێر 25 / 12 / 2003 .